بریکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان: بە زووترین کات بەرهەمهێنانی غاز لە کێڵگەی کەرمەر دەستپێدەکاتەوە

بریکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم رایدەگەیەنێت، تیمەکانمان لەسەر هێڵن کە بە زووترین کات بەرهەمهێنانی غاز لە کێڵگەی کەرمەر دەستپێبکاتەوە و دەشێت، " لە پلاندا نییە بەرهەمی غازی کەرمەر هەناردەی دەرەوە بکرێت".

د. ئەحمەد موفتی بریکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا رایگەیاند، لە ماوەی رابردوودا زیاتر لە پێنج جار هەرشکراوەتە سەر کێڵگەی غازی کەرمەر لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان 50 %ی غازی سروشتیی عێراقیش بەرهەمدەهێنێت.

بریکاری وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم جەختیکردەوە و وتیشی، "بەرهەمی غازی کەرمەر هەناردەی دەرەوە ناکرێت و بەهۆی هەرشەکەی دوێنێوە ئێستا تەنها 1200 مێگاوات کارەبا بەرهەمدەهێندرێت و 70%ی بەرهەمهێنانی کارەبا لە رێگای غازی کەرمەرەوە دابیندەکرێت.